# هاوكێشەی كوردو فەلەستین



لەو رۆژەی من بەبیرم دێت، لە پەنجا ساڵی رابردووەوە تاكو ئەمڕۆ سەركردایەتی حیزبە كوردستانیەكان بەتێكڕا كێشەی فەلەستینیان كردبوو بە بابۆڵەی هەنگوین و منالّی كوردیان پێ پەروەدە دەكرد، كێشەی كوردیان كردبوو بە پاشكۆی كێشەی فەلەستین و لە فەلەستینیەكان زیاتر هەوڵیان بۆ دروستكردنی دەوڵەتی فەلەستینی داوە، بەڵام بۆ كاتژمێرێكیش داوای دروستكردنی دەوڵەتی كوردیان نەكردووەو دەوڵەتی كوردیان بەخەونی شاعیران نیشانی خەڵك داوە.

فەلەستینیەكانیش وەك عەرەبێكی رەگەزپەرست یان ئیسلامیەكی كورد بەكافر زان، بەچاوێكی سوك و چوك تەماشای كوردیان كردووەو كوردیان بەشدار نەكردوە لە هیچ كۆنفرانسێكی فەلەستینی، بە هیچ شێوەیەكیش لە كۆنفرانسەكاندا ناوی كورد و كێشەی كورد نەهێنراوە.

ئەوەی بۆ ئەم بابەتەی ئەمڕۆ گرنگە، رۆژی 2011 - 7 – 22 لە ئەستەنبوڵ كونفرانسێك بۆ چارەسەری كێشەی فەلەستین پێكهێنراو بانگهێشتنی هیچ حیزبێكی كوردی یان دەوڵەتی كوردستانیان نەكرد، لەو كۆنفرانسەدا بە هیچ شێوەیەك ناوی كوردو كێشەی كورد نەهێنرا، كۆنفرانسەكە بەبەشداری نەوەد

باڵوێزی دنیا، بەوە کۆتایی هات کە فەلەستینیەکان بەرداوام بن لە داوای سەربەخۆیی فەلەستین لەسەر سنوری ساڵی 1967 و داواکاریەکە ببەنە ناو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بۆیە بە پێویستم زانی، لێرەوە نامەیەکی کراوە بۆ مەحمود عەباس و ئوردغان و نەتەنیاهو و مام جەلال کاک مەسعود بنێرم.

http://news.arbtoday.net/News-78894.html

h p://www.sabanews.net/ar/news244301.htm

Turkey's Prime Minister Tayyip Erdogan (L) makes his address as Palestinian President Mahmoud Abbas (R) and ambassadors listen during the opening session of the Palestinian Ambassadors Conference in Istanbul July 23, 2011. http://www.daylife.com/topic/Istanbul

يفتتح رئيس السلطة الفلسطينية محمود عباس اليوم أعمال منتدى سفراء فلسطين الثاني. وسيلقي عباس خلال المؤتمر خطابا سياسيا شاملا يتناول فيه التطورات السياسية على الساحة الفلسطينية ولاسيما الخيارات الفلسطينية بالتوجه الى الأمم المتحدة في سبتمبر المقبل للحصول على اعتراف بالدولة الفلسطينية....

پێم خۆشدەبێ کاک مەحمود عەباس بە وردی هەردو کێشەی کوردو فەلەستین هەڵبسەنگێنێ، با باش بزانێ کە بەبێ رەتکردنەوەی خاکە داگیرکراوەکانی کوردستان لەلایەن عەرەبەوە، ناتوانن خەونەکانی خۆیان بەدی بهێنن و بەبێ دروست بوون و ناسینی دەوڵەتی کوردی، دەوڵەتی فەلەستینیەکان ناناسرێ و رەنگە ئەوەی لەو چەند ساڵەی رابردوشدا بەدەستان هێناوە لێتان بستێنرێتەوە، کاک مەحمود عەباس دەیەوێ لە رێگای گەلە گورکێکی دەم بەخوێنی وەک تورکەکانی تورکیاوە کێشەی فەلەستین بباتە ناو نەتەوەیەکگرتووەکانەوەو داوای سەربەخۆیی فەلەستین بکات، کە ئەوەش شتێکی مەحاڵە.

جەنابی کاک مەحمود عەباس، ئێمە پێمان وایە کێشەی فەلەستین بە دەوڵەتە عەرەبیەکان چارەسەر دەکرێت، نەک بە ئوردغان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئیسرائیل، سەرکردایەتی دەوڵەتە عەرەبیەکان بۆخۆیان لەگەڵ ئیسرائیلیەکان پێک لە پێک دەدن و

فەلەستەنیەکانیش هان دەدەن بۆ ئاژاوەنانەوە بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیانی پێ داپۆشن، ئەمڕۆ وڵاتە عەرەبیەکان خاکێکی زۆری بەتاڵ و ئابوریەکی باشیان هەیە، دەتوانن لە دەشتە چۆلەکانی وەک سعودیە، میسر، سۆدان، جەزائیر و لیبیا چەند شارێک دروست بکەن و فەلەستینیەکانی لێ جێگیر بکەن و ئەو ئاژاوە لە رۆژهەلاتی ناوەراست بکوژێننەوە.

پێم خۆشە بە ئۆردغانیش بڵیم: پەندێکی کوردی هەیەو دەڵێ: دەست بە کولاوی خۆتەوە بگرە با با نەیبا، تۆ وەک پیاوە کەچەڵەکە دەرمانی سەری خۆت بکە باشترە، باش بزانە کە دنیای ویژدان و یاسا کوێر نیە، خوێنرێژی هەزار ساڵەی تورکەکان و داگیرکردنی خاکی کوردستان، کارەساتێکی بچکۆلە نیە کە چاوپۆشی لێ بکرێ و  دنیا ئاگادارە کە دەوڵەتە یەک بەدوای یەکەکانی تورک چۆن هەڵسوکەوتی بێ ویژدانانە لەگەڵ کوردەکاندا دەکات، بەو هەڵوێست و کردارەوە ناتوانێ باسی رزگاری و رزگارکردنی فەلەستینیەکان بکەی، تورکیاش دابەش کراوەو نیوەی تورکیا دراوەتە کوردەکان.

http://news.arbtoday.net/News-79009.html

بە نەتەنیاهووی سەرۆکی ئیسرائیلیش دەڵێم بەردەوامبە لە بەدەستهێنانەوەی خاکی باپیرانت و ئیسرائیل وڵاتی ئێوەیە نەک هی ئەو عەرەبە داگیرکەرانەیە کە باپیرانی کوردو ئێوەیان کوشتووەو خاکی هەردوو لامانیان داگیر کردوە.

پێم خۆشە مام جەلال و کاک مەسعودیش باش بزانن، دنیای دەرەوە بێخەبەر نیە لە هەڵوێست و کرداریان بەرانبەر بە نەتەوەکەی خۆیان و بەکارهێنانی سیاسەتی (یاری هەموان) بۆ پاراستنی

دەسەڵاتداریەتی، ئەوەش وای کردوەو وا دەکات کە دەوڵەتی کوردی نەدریّ بە ئەوان و مانەوەشیان لەسەر دەسەلآت تەنها دوورخستنەوەی دروستبونی دەوڵەتی کوردی و نەناسینیەتی لەرێگای کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە.

هەڵوێست و کرداری مام جەلال و کاک مەسعود لەساڵی ۱۹۹۱ وە بۆ دروستکردنەوەی عێراق و راوەستانیان لەدژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، رێڕەوی هەموو گۆڕانکاریەکانی گۆریوەو سەربەخۆیی باشوری سۆدان خرایە پێش سەربەخۆیی کوردستان، ئێستاش بە بەردەوامبوون لەو هەڵوێستەیان، دەیانەویّ ناساندنی دەوڵەتی فەلەستینیەکانیش بخەنە پێش ناساندنی دەوڵەتی کوردستان، بەلآم ئێمە بەپێچەوانەی ئەوان بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیمان گوتوە: نابیّ ناساندنی دەوڵەتی فەلەستینیەکان بخرێتە پێش ناساندنی دەوڵەتی کوردی، بۆ ئەوەی ببێتە بەلآنسێکی سیاسی لە رۆژهەلآتی ناوەراست و عەرەب و هاودەنگانی عەرەبەکان لەدژی دروستبوون و ناساندنی دەوڵەتی کوردی رانەوەستن.

سەردار پشدەری

لەندەن 25 – 7 – 2011

http://www.kurd-oil.net